120 ملیار دیناری داهاتی نانەوتی هەرێم بۆ مانگی (ئەیلول/9) خرایە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی عێراق



وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، 120 ملیار دیناری داهاتی نانەوتی هەرێم بۆ مانگی (ئەیلول/9) خرایە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی عێراق، بەوەش چاوەڕوان دەکرێت لە هەفتەی داهاتودا موچەی مانگی نەی فەرمانبەرانی هەرێم بێت و دەست بە دابەشکردنی بکرێت.

وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم ئەمڕۆ چوارشەممە لەدەستکردنی داهاتی نانەوتی هەرێم بۆ مانگی (ئەیلول/9) ڕاگەیاند، ئەوەش دوای ڕاگەیەندراوەکی دووەمی وەزارەتەکە هات کە ڕایگەیاندبوو، ڕاپەڕتی تەرازووی پەداچوونەوەی خەرجی و داهاتەکانی کوردستان بۆ مانگی (ئەیلول/9) ڕەوانەی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ کراوە و بەدوایدا 120 ملیار دینارەکە بۆ شەوەی کاش دەخرێتە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی حکوومەتی فیدراڵ لە لقی هەولێری بانکی ناوەندیی عێراق.

وەزارەتی دارایی لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، بڕیانی ئەمڕۆ بڕی 120 ملیار دینار وەک داهاتی نانەوتی هەرێم بۆ مانگی (ئەیلول/9) خرایە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ لە لقی هەولێری بانکی ناوەندی عێراق.

بگورێی ئەکەکوتنی نێوان هەرێم و بەغدا، ناردنی موچە پێیوستە بۆ ئادەستکردنی 120 ملیار دیناری داهاتی ناوخۆ و هێناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم، کە لە ئێستادا هەردو مەرجەکە جێبەجێکراوە و محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق دوێنێ ڕایگەیاند کە هیچ کێشەیك بۆ ناردنی موچە نیە. هاوکات تەیف سامی وەزیری دارایی عێراق دوێنێ وتی، "هەفتەی داهاتو موچەی هەرێمی کوردستان ئەوانە دەکەین".